گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper 33
ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٤/٠١/٢٠
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٤/٠٣/٣١
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/٠٦/٢٩

# چینی کۆیلە لە دەوڵەتە شاری سپارتا لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین

**دیلمان محمد صابر**
dilman.Mohammed@univsul.edu.iq
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

یەکێک لە چینە گرنگەکانی شارە دەوڵەتی سپارتا چینی کۆیلەکان بون، کە بە هیلۆتەکان ناسرابون، لە ڕوی ژمارەوە ئەم چینە لەچاو چینەکانی دیکە زۆرینە بون، کە لە ئەنجامی هەڵمەت و فراوانخوازییەکانی سپارتا کاتێک ناوچەکانیان داگیراکرا زۆربەی دانیشتوانەکەی کران بە کۆیلە، بەتایبەتی لە هەر دو هەرێمی لاکۆنیا و مێسینیا، ئەم چینە لە ڕوی خاوەندارێتییەوە سەر بە دەوڵەت بون، هەر بۆیە بۆ زۆر مەبەستی سیاسی و ئابوری بەکاردەهێنران و هەرچی ئەرکی قورس بو لەسەر شانی ئەم چینە بو، لەلایەکی دیکەوە بەتوندی خرابونە ژێر چاودێرییەوە، چونکە ئەمانە لە بنەڕەتدا خەڵکانی ئازاد بون و بە زەبری هێز کرابون بە کۆیلە، لەبەرئەوە بەردەوام هەوڵیاندەدا ئازادبن و مافی هاووڵاتیبون بەدەستبهێننەوە، بۆیە چەندین یاخیبون و شۆڕشیان ئەنجامدا، کە لە مێژوی دێریندا بە شۆڕشی کۆیلەکانی سپارتا ناسراوە لە سەدەی پێنجەمی پێش زاین، ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندی چینی کۆیلە لە سپارتا و سەرەتای سەرهەڵدانی کۆیلایەتی لەو شارە دەوڵەتە و جیاوازیان لەگەڵ چینەکانی دیکە، پاشان شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چینە لەلایەن فەرمانڕەوایانی شارە دەوڵەتەکە، هەروەک ڕۆڵی چینی کۆیلە لە بواری سیاسی و ئابوری کۆمەڵایەتیدا و ئەو بزوتنەوەیە و یاخیبونەوەی ئەم چینە لە پێناو مافە سەرەتاییەکانیان بەرپایانکرد، دژی فەرمانڕەوایانی سپارتا.

**کلیلە وشەکان:** سپارتا، کۆیلایەتی، هیلۆتەکان، لاکۆنیا، میسینا.

## پێشەکی

لە مێژوی دێرینی یۆناندا هەمو مرۆڤەکان یەکسان نەبون و کۆیلایەتی بەشێوازێکی فراوان هەبو، هەر وەک ئەوەی هاوولاتیبون ئیمتیازێک بو گشت چینەکانی کۆمەڵگەی نەدەگرتەوە، لەو ناوەندەدا چینی هیلۆت یاخود کۆیلە لە دەوڵەتە شاری سپارتا لە زۆربەی مافە سەرەتاییەکانی وەک، هاوولاتیبون، بەشداریکردن لە کاری سیاسی و سەربازی و خاوەندارێتی زەوی و موڵکی تایبەت...هتد بێبەش کرابون، لە کاتێکدا ئەم چینە وەک پێکهێنەر و پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتە شاری سپارتا ڕۆڵێکی دیاریان هەبوە بە چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە دادەنرێت و زۆرترین ئەرک و ناڕەحەتی لە ئەستۆی ئەمانەدا بوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەمترین مافیان هەبو، لەلایەکی دیکەوە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتە شاری سپارتا، بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەیانویست کۆیلەکان سەرکوت بکەن و لەژێر چاودێری توندی سەربازیدا بون، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کۆیلەکان ناڕەزای دەربڕن و داوای ئازادی و سەربەستییان دەکرد، هەر بۆیە هەوڵی شۆڕش و یاخیبونیان دەدا هەتا لە کۆتایدا توانیان بەشێک لە مافەکانیان بەدەستبهێن.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕوی ڕۆڵ و پێگەی چینی کۆیلە لە کۆمەڵگەی سپارتادا، وەک بەرپەرچدانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر ئەم چینەدا سەپێنرابو، هەڵوێست و ناڕەزایی و ڕەتکردنەوە و سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕش بۆ داواکردنی مافە سەرەتاییەکانیان، کە بە یەکەمین بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی لە مێژوی دێریندا دادەنرێت.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چینی کۆیلە لە یۆنانی کۆندا ڕۆڵ و پێگەیەکی دیاریان هەبوە، بە تایبەتی لە بواری ئابوری، سەربازی و کۆمەلایەتیدا، پێکهاتەیەکی سەرەکی کۆمەڵگەکە بون، لەگەڵ ئەوەشدا هەتا ئێستا توێژینەوەیەکی سەربەخۆی بە زمانی کوردی سەبارەت بەم چینەی کۆمەڵگەی یۆنانی نییە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** بێگومان سروشتی لێکۆڵینەوەی زانستی بە جۆرێکە دروستبونی ئاستەنگ و گرفت بۆ توێژەر و بابەتەکە چاوەڕوانکراوە، بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە زۆر ئاستەنگ هەبون، کە کاریگەریان هەبوە لەسەر توێژینەوەکە، بە تایبەتی کەمی سەرچاوەی بیانی لە کتێبخانەی کوردی پەیوەست بە مێژوی دێرین و ئاڵۆزی و ناجێگیری ئەو قۆناغەی مێژوی یۆنان.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی مێژویی- سیاسی پەیڕەوکراوە بە لەبەرچاوگرتنی کرۆنۆلۆژیای ڕوداوەکان و بە پشتن بەستن بە سەرچاوەی جیاواز سەبارەت بە ڕۆڵ و پێگەی چینی هیلۆت لە دەوڵەتە شاری سپارتادا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە دو بەشی سەرەکی  پێکهاتوە بەشی یەکەم دو تەوەرە و بەشی دوەم سێ تەوەرە لەخۆدەگرێت لە بەشی یەکەمدا بەناونیشانی شارە دەوڵەتی سپارتا و چینەکانی کۆمەڵگەکە، کە تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ پێکهاتەی کۆمەڵگەی دەوڵەتە شاری سپارتا، لە تەوەرەی دوەمدا تیشکخراوەتە سەر چینە کۆمەڵایەتییەکانی دەوڵەتە شارەکە، هەر وەک باسی دوەم تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵ و پێگەی چینی کۆیلە، کە لە تەوەرەی یەکەمدا چینی کۆیلەکان ناسێنراوە، لە تەوەرەی دوەمدا باسی ڕۆڵی چینی کۆیلەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکان خراوەتەڕو، لە باسی سێیەمدا شۆڕش و یاخیبونی کۆیلەکان خراوەتەڕو، پاشان ئەنجامەکان بە چەند خاڵێک لە کۆتایی توێژینەوەکە دەستنیشانکراوە.

## بەشی یەکەم: شارە دەوڵەتی سپارتا و چینەکانی کۆمەڵگەکە:

### تەوەری یەکەم: کورتەیەک لەسەر دەوڵەتە شاری سپارتا:

دەوڵەتە شاری سپارتا لەڕوی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە کەوتبوە دەشتێکی بەپیت لە باکوری ڕۆژهەڵاتی (پیلۆپۆنیز -Peloponnese)  لەم شارە دەوڵەتە لەسەدەی حەوتەمی پێش زاین دەسەڵاتی سیاسی سەری هەڵدا، هاوشانی دەوڵەتە شاری سپارتا چەندین (دەوڵەتە شار_ City States) دامەزران، بەڵام دیارترینیان لە ڕوی هەژمونی سیاسی و سەربازییەوە سپارتا بو، دوای ئەوەی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتە شاری سپارتا بڕیارێکی گرنگ و چارەنوس سازیاندا، کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبو لە فراوانبونی هەژمونی سیاسی و جیۆپۆلەتیکی دەوڵەتە شارەکە، ئەویش سەرەتا داگیرکردنی خاکی بە پیتی (مێسینیا- _Messenia) بو، بێجگە لەوەش سپارتا هەر بە داگیرکردنی مێسینیاوە نەوەستا، بەڵکو (لاکۆنیا_ laconian)شی داگیرکرد. ئەمەش کاریگەرییەکی گرنگی هەبو بۆ بون بە دەوڵەتە شارێکی گەورە و هەنگاونان بەرەو بنیاتنان و سەقامگیری لەڕوی سیاسی و ئابورییەوە، چونکە توانیان کۆنترۆڵی ناوچەیەکی جوگرافی فراوان بکەن، کە لەڕوی بازرگانییەوە  هەرێمێکی گرنگ بو، بەتایبەتی بونی زەوی و زاری بەپیت و سەرچاوەی جۆراوجۆری دەرامەتی سروشتی، هەروەها توانیان سود لە دانیشتوانی ئەم ناوچانە وەربگرن لە بواری ئابوری، سەربازی و کۆمەڵایەتی...هتد وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و خستیاننە ژێر کۆنترۆڵی شارە دەوڵەتی سپارتاوە (Gates, 2011, 227-228).

نەخشەی سپارتا و هەرێمی لاکۆنیان و میسینیا لە سەدەی (٦ پ.ز.)




وەرگیراوە لە (Cartledge, 2009, 12)

لە و کاتەی پێشتر دورییەکان کۆچیانکرد بۆ سپارتا و شارەکەیان داگیرکرد سنوری جوگرافیای دەوڵەتە شارەکە لە سەدەی هەشتی پێش زاین، سەرەتا چوار بۆ پێنج ناوچەی بچوک بو، دانیشتوانەکەی ڕەگەزی دوری بون و لە یەکەیەکی پەرتەوازەی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژیان، دواتر ئەو گوندە سەرەتاییانە یەکیانگرت و دەسەڵاتی سیاسییان بونیادتنا و لە کۆتایی سەدەی هەشتی پێش زاین چەندین ناوچەیان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە (میرزا، ٢٠٢٠، ٤٨).

دەرەنجامی ئەو بارودۆخەی هاتە کایەوە و سپارتا فراوانخوازی ئەنجامدا و سنوری دەوڵەتە شارەکە فراوان بو، دانیشتوانی ڕەسەنی سپارتا بونە کەمینەیەکی دەسەڵاتدار لە ناو ئەو دانیشتوانەی، کە بە هێز خرابونە سەر دەوڵەتە شارەکە، کە زۆرینەیان خەڵکانی ناوچە داگیرکراوەکان بون. زۆرینەوەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە ئازادیان لێسەندرابوە، بەشی زۆرینەیان کۆیلە بون و لەژێر ڕۆشنایی ئەم دۆخەدا سپارتاییەکان سیستمێکی کۆمەڵایەتی و سیاسییان پەیڕەوکرد، کە شێوازێکی توندی سەربازی بو، بۆ ئەوەی بتوانن لە ناو ئەو کەمینەیەدا بە یەکگرتویی بەهێزی و پارێزراوی بمێننەوە و فەرمانڕەوایەتی شارە دەوڵەتەکە بکەن (یحیی، ١٩٩١، 137؛ Parker, 2013, 94).

بۆ ئەوەی چینی دەسەڵاتداری سپارتا و فەرمانڕەواکانی شارە دەوڵەتەکە، درێژە بەو بارودۆخە بدەن و هەژمونی خۆیان بە بەهێزی بهێڵنەوە و بتوانن بە ئاسانی فەرمانڕەوایەتی ئەو سنورە فراوانە بکەن، ژیانی سپارتایان بۆ ژیانی سەربازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە گۆڕی، چینی باڵادەست هەمو کایەکانی سیاسی و ئابوریيان قۆرخکرد، هەر بۆیە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەوڵەتە شارەکەیان کردە ژیانێکی کۆیلایەتی دیار، بە پێچەوانەی دەوڵەتە شاری ئەسینا، کە هەنگاوی نا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دانیشتوانەکەی و هاوبەشی پێکردنی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەکە لە کایەکانی فەرمانڕەوایەتی و پێشخستنی پیشەسازی و بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی (باقر، ٢٠١٨، ٤٥٠).

سەرەتای دروستبونی سیستەمی چینایەتی و دابونەریتی سپارتایان دراوەتە پاڵ کەسێک بەناوی (لیکەرگۆس–_ Lycurgus) کە دوای ماوەیەک لە پشێوی و نائارامیی سەرەتا سپارتا پێیدا تێپەڕی، لیکەرگۆس توانی دانیشتوانی سپارتای بەپێی تەمەن و باری دارایی ڕێکبخات، بەم جۆرە لە سەدەی حەوتەمی پێش زاین سیستەمی پادشایەتی سپارتا شێوەی خۆی وەرگرت، وەک و تراوە ئەم سیستەمە بۆ باڵادەستبونی خانەدانەکان بو بەسەر کۆمەڵگەدا (میرزا، ٢٠٢٠، ٥٢–٥٣). پاش ئەوەی خانەدانەکان لە کۆمەڵگەی سپارتادا باڵادەستبون ستەمکاری بە شێوازێکی فراوان سەریهەڵدا، بە توندی دژایەتی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەیان دەکرد سیستەمی فەرمانڕەوایەتی لە دەوڵەتە شاری سپارتا بە شێوەیەک بو، کە لە دو پاشا کە بە (ئارکێگتای –Archagetai) ناسرابون، لە بنەماڵە دەوڵەمەند و ناسراوەکانی دەوڵەتە شارەکە بون، کە فەرمانڕەوایەتیان دەکرد و ئەنجومەنی پیران (جیرۆسیا_ Gerousia) لە (٢٨) ئەندام پێکهاتبون، ئەنجومەنی گەلیش هەبو، کە بە (ئەپێلا Apella) ناسرابو، زۆرینەی بڕیارە گرنگەکانیان لەلایەن ئەم دەزگایانەوە دەدران (میرزا، ٢٠٢٠، 52– ٥٦؛ سمار، ٢٠١٧، ٢٣٣–٢٣٤).

## تەوەری دوەم: چینەکانی کۆمەڵگەی دەوڵەتە شاری سپارتا:

سیستەمی سیاسی لە دەوڵەتە شاری سپارتا کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەکە بەڕونی دیاربو، ئەو ڕێکخستنە سیاسییەی، کەوا کاروباری فەرمانڕەوایەتی و کارگێڕی قۆرخکردبو، هەمو کایەکانی ژیانی خستە ژێر چاودێری و هەژمونی خۆی و دەستوری سپارتا پشتی بە هێزی سەربازی بەستبو، کە کاروباری سەربازیی بەشێوەیەک ڕێکخستبو هەوڵی بەدیهێنانی پشتگیری و هێنانەکایەی گەلێکی جەنگاوەری دەدا (صالح، ٢٠٠٥، ٣٩).

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بە داگیرکردنی هەر دو هەرێمی (لاکۆنیا و مێسینا) ژمارەی دانیشتوانی شارە دەوڵەتی سپارتا زۆر زیادیکرد و بو بە دەوڵەتە شارێکی بەهێز کۆمەڵگەی سپارتایی دابەشبو بو بۆ چەندین

چینی جیاواز بەشێوەیەک پشتی بە هێزی سەربازی و ستەمکاری بەستبو، هەر بۆیە کۆمەڵگەی سپارتایی بۆ چەندین چین دابەشبو بون ئەوانیش: (Silva, 2015, 48 ,Gates, 2011, 228).

## یەکەم: خانەدانەکان:

چینی خانەدان باڵادەست بون و هاووڵاتی ڕەسەنی سپارتایی بون، بەرزترین چینی کۆمەڵگەکە بون، هەرچەندە ژمارەیان لەچاو چینەکانی دیکە کەمتر بو، بەڵام خاوەنی زۆرترین ماف بون، بەتایبەتی لە بواری سەربازی و سیاسیدا و لەڕوی داراییەوە زۆر دەوڵەمەند بون، ئەم چینە خاوەنی کۆیلە و کرێکاری تایبەت بە خۆیان بون کە لە زەوی و زارەکانیاندا کاریان پێدەکردن، زۆرینەی ئەندمانی ئەم چینە لە ژیانێکی خۆشتردا دەژیان، کە بەتەواوەتی جیاواز بو لەچاو ژیانی چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەکە، هەروەها لە ڕوی کارگێڕییەوە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی ناوچەکان لەلایەن خانەدانەکانەوە دەستی بەسەردا گیرابو (Rhodes, 2007, 75 ،Beckett, 2016, 15).

ئەم چینە گشت کاروباری بازرگانیان بۆ خۆیان قۆرخکرد بو کەس بۆی نەبو کاری بازرگانی بکات جگە لەم چینە، کاتێک سیستمی فەرمانڕەواییان دروستکرد نزیکەی (٩) هەزار کەس دەبون، ئەمە جگە لە خێزانەکانیان، کە زۆرینەیان لە سەنتەری دەوڵەتە شاری سپارتا نیشتەجێبون (میرزا، ٢٠٢٠، ٤٩).

لەلایەکی دیکەوە تەواوی بازرگانییەکانی سپارتا موڵکداری یەکەی بۆ ئەم چینە دەگەڕایەوە، بەهیچ شێوەیەک کەسانی دیکە بۆیان نەبو ببنە بازرگان هەر بۆیە ئەم چینە هەمو کاروبارێکی ئابوریيان بۆ خۆیان قۆرخکردبو (فهمی، ١٩١٠، ٨٣).

## دوەم: چینی پیرۆکی:

ئەم چینە دوەم چینی کۆمەڵگە بون، بە زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانە بون، کە کەوت بوە دەرەوەی سەنتەری دەوڵەتە شارەکە، هەمو مافێکیان نەبو، بەڵام بە ئازادی دەژیان، مافی گەشتکردنیان بۆ دەرەوەی سپارتا هەبو، هەندێک کات بۆیان هەبو ببنە خاوەنی زەوی و موڵکی تایبەت بە خۆیان، زۆرجار دەبونە سەرباز و لە کەشتیوانیشدا ڕێگەیان پێدرا بو بەشداریبکەن، هەروەها مافی دەنگدانیشیان هەبو، بەڵام بۆیان نەبو بۆ پۆستە باڵاکان خۆیان کاندید بکەن، بە زۆری ئەمانە کەسانی بازرگان و وەستا و کانزا ساز و پیشەساز بون (McArthur, 2011, 4).

ناوی (پیرۆکی_ perioeci) بە واتای دانیشتوانی دراوسێ یان چوار دەور دێت، کە مەبەست لە خەڵکانی دەرەوەی سپارتا بو، کە سپارتا ناوچەکەیانی کۆنترۆڵ کردبو ئەمان بڕبڕەی پشتی ئابوری دەوڵەتە شاری

سپارتا بون، لە ناوچەکانی خۆیان دەسەڵاتداربون، زۆربەی کات باجیان لێوەردەگیرا ئەم کۆمەڵە خەڵکە، بەگشتی دوای کۆنترۆڵکردنی لاکۆنیا سەریان هەڵدا، زۆر جاری بەبێ دادگاییکردن لەناودەبران و دەکوژران، کاتێک کەسێکی دەسەڵاتدار یان پادشایەک کۆچی دوای دەکرد، پیرۆکییەکان دەبوایە بەڕێزەوە لە مەراسیمی پرسەکەیدا ئامادەبونایە، سەربازە پیرۆکییەکان بە ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکانی دژی فارس و جەنگی پیلۆپۆنیز بەشداربون (Ridley, 1974, 283). ژمارەی ئەندامەکانی ئەم چینە نزیکەی (١٢٠) هەزار کەس دەبو، ڕێگەیان پێنەدرا بو لەگەڵ ئەندامانی چینی دەسەڵاتداراندا هاوسەرگیری بکەن (مجموعة باحثين، ٢٠٢١، ٧٩).

## ٣- چینی هاووڵاتی ئازاد:

بێجگە لە چینی خانەدانەکان و چینی پیرۆکی چینێکی دیکە هەبو لە دەوڵەتە شاری سپارتا، کە دانیشتوانی ڕەسەنی سپارتا بون، ئەم چینە بە بەراورد بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەی سپارتا بەتایبەتی پیرۆکییەکان کەمینە بون، ژمارەی ئەم چینە نزیکەی (٣٢) هەزار کەس بو، هەندێک ئیمتیازاتیان هەبو، بەڵام زۆربەی کاتەکان سەرقاڵی مەشقی سەربازی بون و هەندێک کاروباری ئابوریان بەڕێوەدەبرد و زۆر جاریش سەرپەرشتی زەویی و زاری خانەدانەکاندا دەکرد، بە تایبەتی لە دەرەوەی شارەکان، هەر خێزانێکی ئەم چینە ژمارەیەک کۆیلەی تایبەت بە خۆیان هەبو، کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان درابو، دەبو بەشێک لە داهاتی کۆیلەکان بۆ ئەم چینە بوایە(مجموعة باحثين، ٢٠٢١، ٧٩).

## بەشی دوەم: ڕۆڵ و پێگەی چینی هیلۆت لە کۆمەڵگەی دەوڵەتە شاری سپارتا:

### تەوەری یەکەم: چینی هیلۆت لە سپارتا:

هیلۆتەکان یاخود کۆیلەکان چوارەم چینی کۆمەڵگەی سپارتا بون، هەروەها بە ناهاووڵاتی (Non-Citizens) و بێگانە دادەنران، لە زۆربەی مافە سیاسی و یاساییەکان بێبەشبون و بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و بەردەوام لەژێر چاودێریدا بون، هەر کاتێک هەست بەوە بکرایە ئەم چینە دەبنە مەترسی خێرا لەناودەبران، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی بەردەوام ئەم چینە هەوڵی یاخیبون و شۆڕش بدەن دژی دەسەڵاتداران (Stronk, 2006, 97).

کۆیلەکانی سپارتا بەردەوام دوچاری ململانێ دەبونەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شارە دەوڵەتەکە، بەتایبەتی ململانێ و یاخیبونی نێوان کۆیلەکان و فەرمانڕەوایانی سپارتا، ژمارەی هیلۆتەکانی سپارتا لەسەدەی پێنجەمی پێش زاین لەنێوان (١٧٠،٠٠٠ بۆ ٢٤٠،٠٠٠) کۆیلە بوە، کە بە بەراورد بە چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەی شارە دەوڵەتی سپارتا زۆرینەبون (Talbert, 1989, 23).

لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی سپارتایی وەک کۆمەڵگەیەکی سەربازی وا بون، بەشێوەی هەرەمی چەندین چینی جیاوازی لەخۆدەگرت ڕاهێنان و مەشقکردن بەشێک بو لە ژیانی ڕۆژانەیان، هەر بۆیە ئەوان بەردەوام سودییان لەکۆیلەکان وەردەگرت بۆ تەواوکردنی هەرەمی کۆمەڵگەی سپارتایی و کاروبارە سەختەکانیان بەوان ئەنجامدەدا (Talbert, 1989, 23 ؛Drescher, 2009, 135 ).

بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەی دەکران بە کۆیلە لە چینەکانی خوارەوە و ڕاگوازراوەکان بون، ئەم چینە بە هیلۆتەکان ناودەبران، هەرچەندە بۆچونی جیاواز هەیە سەبارەت بە وشەی هیلۆت، بۆچونێک هەیە پێیوایە، کە ئەم وشەیە لە ناوی گوندێکەوە وەرگیراوە بەناوی (Helot) کە دەکەوێتە باشوری دەوڵەتە شاری سپارتا، کە لەو ناوچەیە زۆرینەی کۆیلەکانی سپارتای تێدا کۆدەبونەوە، لەدوای جەنگی یەکەمی مێسینیا، کە ئەم جەنگە لە ساڵی (٧٤٣پ.ز) ڕویدا بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام بو بە سەرکەوتنی سپارتا بەسەر مێسینا کۆتایی هات، دوای ئەم جەنگە دانیشتوانی مێسینا بەتەواوەتی خرانە ژێر دەستی سپارتا وەک (کۆیلە_**Slave** و بەندە _**Serf**)، مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، هەرچەندە بەشێک لەوانەی لە شەڕەکەدا ڕزگاریان بو، خاوەندariyan، تەنها بە مافی دەوڵەتە شاری سپارتا بو، واتە کۆیلەی دەوڵەت بون، بەڵام هەندێک بۆچونی دیکەش هەیە کە پێیوایە وشەی هیلۆت لە ناوی شارۆچکەیەک وەرگیراوە لە لاکۆنیا، کە دورییەکانی تێدا نیشتەجێبون دواتر لەلایەن شارە دەوڵەتی سپارتاوە داگیرکراوە(Martin, 2013, 75-76).

ئەوەی گرنگە ئەم وشەیە هیلۆت بەو کەسانە گوتراوە، کە لەلایەن سپارتاییەکانەوە هێنراون لە کەمپەکاندا نیشتەجێکران یاخود لە ناوچەکانی خۆیان خرانەژێر چاودێرییەوە، دواتر دانیشتوانەکە دابەشکران بۆ دو بەرە، ئەوانەی کە لەلاکۆنیاوە هێنران و ئەوانەشی کە لە دواتردا لە مێسیناوە هێنراون، ئەو هیلۆتانەی کە لەلاکۆنیاوە هێنرابون لەسەدەی پێنجی پێش زاین ناسنامەی هاووڵاتیبونیان لەدەستدا و بون بە بەشێک لە کۆمەڵگەی سپارتایی، بەڵام ئەوانەی لە مێسیناوە هێنرابون بەشێوەیەکی گشتی لەدوای جەنگی سپارتا مێسینا بون بە کۆیلە ئەمانە بەردەوام هەوڵی بەدەستهێنانەوەی مافی هاووڵاتیبونی خۆیان دەدا، هەتا لەسەدەی چواری پێش زاین توانیان بەشێک لەو ئازادییە خۆیان بەدەستبهێننەوە (Cartledge, 2009, 84).

### تەوەری دوەم: ڕۆڵی هیلۆتەکان و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا:

هیلۆتەکان دوای ئەوەی خرانە ژێردەستی دەوڵەتە شاری سپارتاوە وەک دەستکەوتی جەنگی مێسینا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا، زۆربەیان کران بە کۆیلە یاخود بەندە، کە لەلایەن خودی دەوڵەتە شاری سپارتاوە خاوەنداریان دەکرا (Adkins, 1995, 29). هەرچی کاری قورس و دژوار بو لە سپارتا خرابوە سەرشانی ئەم چینە ئەرکی سەرەکیان بریتیبو لە گەشەسەندن و بەرهەمهێنانی خۆراک، ئەمانە زۆربەیان جوتیاربون،

و لە موڵکی خانەدانەکان دەبوایە ئیش کاریان بکردایە، هەروەها لەو زەویانەشی کە بە کرێیان دەگرت دەبوایە نیوەی بەرهەمەکانیان بۆ خانەدانەکانی سپارتا بناردایە، هەمو جۆرە کارێکیان پێدەکرا لە کێڵگەکان داری زەیتونیان بەرهەمدەهێنا، شەرابیان دروستدەکرد، ئیش و کاری ماڵانیان پێدەکردن و لە بواری بیناسازیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبو زۆرینەی وەستا و بەناکانی دەوڵەتە شاری سپارتا سەر بەم چینەبون (Dillon, Garland, 2005, 200-2001).

وتراوە سیستمی کۆیلایەتی لە دەوڵەتە شاری سپارتادا، بە تەواوەتی لە دەوڵەتە شارەکانی دیکەی یۆنان جیاواز بو بەهۆی ئەوەی تەنها دەوڵەت بۆی هەبو کۆیلەی هەبێت و هەمو مامەڵەیەکی پێوەبکات، ئەمەش وایکرد بو، کە تاکە دەوڵەتە شار بێت، لە ڕوی ئابورییەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان خاوەن زەوی و کرێکاراندا هەبێت، چونکە کشتوکاڵ بنەمای سەرەکی ئابوری دەوڵەت بو (Pomeroy, et al, 2020, 100-102).

زۆرجاریش کۆیلەکان لە بواری سەربازیدا بەکاردەهێنران، وەک ئاشکرایە، زۆربەی کاتەکان سپارتا جەنگێکی ڕادەگەیاند، کە پشتی بە هیلۆتەکان دەبەست، زۆربەی کات لە کاتی جەنگەکاندا سوپای دەوڵەت هیلۆتەکانی بەکاردەهێنا، هەرچی کاری قورس و ناڕەحەت بو بە هیلۆتەکان دەکرا، و لە مەیدانی جەنگ هاوشێوەی ئاژەڵەکان چەک و کەرەستەی سەربازیان پێهەڵدەگرتن، قەڵغان و زرێ و پۆشاکی سوارەکان و سەربازەکانیان پێپاکدەکردەنەوە، و خواردنیان پێ ئامادەدەکردن (Talbert, 1989, 26).

لە لایەکی دیکەوە ئەرکی هیلۆتەکان بو منداڵی بەرپرسەکانیان ببردایە بۆ خوێندنگە لە هەندێک حاڵەتیشدا ڕوبەڕوی دەستدرێژی سێکسی دەبونەوە، بەتایبەتی ژنەکانیان کاتێک ئیش و کاری ماڵانیان پێدەکرا و لە بازاڕەکان و دوکانەکاندا کاریان بۆ بازرگانەکان دەکرد (Williams, 2009, 79-80)، لیکورگییەکان (یاسا بەخشەکان)ی سپارتا، کە ڕێگەیان بە خەڵکی ئازاد دەدا کە سەگی ڕاو، ئەسپ، یان کۆیلە لە دەوڵەت قەرزبکەن ئەمەش لەبەرئەوەی ئەمانە موڵکی دەوڵەت بون نەک تاک، هەروەها بەپێی توانا و لێهاتوییان دەیانتوانی ژیانی خۆیان بگۆڕن لە کۆیلایەتی ڕزگاریان ببێت، ئەگەر خزمەتێکیان بە دەوڵەت بکردایە (Shimron, 1966, 10).

کاریگەری کۆیلایەتی تەنیا لە ژیانی ئابوریدا قەتیس نەبو، بەڵکو تێپەڕاندنی بۆ ژیانی کۆمەڵگە و خێزانیش هەبو، کۆیلە سەرەڕای ئەوەی ئەو ڕۆڵەی لە پێشکەوتنی دەوڵەتە شارەکەدا هەبو وەک ناز و نیعمەتێک بو ڕژابو بەسەر دەوڵەمەند و خانەدانەکاندا، هاوکات بەڵایەکی مەترسیداریش بو بۆ کۆمەڵگە و خێزان، هۆکارێک بو بۆ بڵاوبونەوەی لەشفرۆشی و هەندێک لە خانەدانەکان ناوەندی تایبەت بە لەشفرۆشی

و سەماکردن و شێوازی فێرکردنی خۆ ڕازاندنەوەیان هەبو (ئەلتەرمنینی، ٢٠١٥، ١٣٤)، فرۆشتنی کۆیلە لەناوخۆی سپارتا بەپێی یاسا کارێکی ڕێگەپێدراو بو، بەڵام فرۆشتنی لە دەرەوەی سپارتا قەدەغە بو، و کۆیلە بە سەرچاوەیەکی گرنگی داهات و سەروەت و سامان لە سپارتا دادەنرا، ئەگەر ئافرەتێکی کۆیلە پێش تەواوکردنی ئەو ماوەیەی کە پێی فرۆشرابو، هاوسەرگیری بکردایە و منداڵێکی ببوایە ئەوا منداڵەکەی دەبو بە موڵکی خاوەنە کۆنەکەی نەک مێردەکەی، بەڵام دەیتوانی پارە بدات بۆ ئازادکردنی منداڵەکەی، هەروەها کۆیلەکان دەیانتوانی لەگەڵ کۆیلەکانی دیکە هاوسەرگیری بکەن. یەکێک لە جیاکەرەوەکانی کۆیلەی سپارتا ئەوە بو بەپێچەوانەی جیهانی کۆن و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆیلە لەسپارتا لەبەر قەرزداری نەدەبو بەکۆیلە، بەڵکو زۆربەیان دەستکەوتەکانی جەنگبون (Blak, 1861, 41-42 ؛Wiedemann, 2003, 73).

یاسای سپارتا ڕێگەی سپارتاییەکان دەدا لە کاتی مەشقی سەربازیدا کۆیلەکان بەکاربهێنن، بەبێ هیچ هۆکارێک لەکاتی مەشقی سەربازیدا دەکوژران، زۆرجار هۆکاری کوشتنیان بۆ ئەوە بو ژمارەیان زیادنەکات و ببنە مەترسی لەسەر سپارتاییەکان، هەر بۆیە کۆمەڵێک سەربازیان دامەزراندبو بەناوی (کریپیتیا-Krypteia) وەک پۆلیسی نهێنی وا بون بۆ چاودێریکردنی هەر جموجۆڵێک و مەترسییەکی کۆیلەکان (مجموعە الباحثین، 2021، 79). لە کاتەکانی شەواندا کۆیلەکان بەنهێنی لەسەر ڕێگەکان و کۆڵانەکان دەکوژران، یاخود هەندێک جاریش بە ئاشکرا لە کێڵگە کشتوکاڵییەکان لەلایەن خاوەن زەوییەکانەوە لەناو دەبران، بە تایبەتی ئەوانەی بەهێزبون بۆ ئەوەی نەبنە مەترسی، لەدایکبونی ئەو ژمارە زۆرەی منداڵی کۆیلەکان ببوە مەترسی لەسەر چینی دەسەڵاتداری شارە دەوڵەتی سپارتا هەر بۆیە پەنایان بۆ لەناوبردنیان دەبرد یاخود زۆر جار منداڵە تازە لەدایکبوەکان سەردەبڕان، ئەمە ڕێگەیەکی باو بو بۆ ڕێگریکردن لە زۆربونی چینی کۆیلە (Piper, 1985, 76, Gourowski, 1860, 74). ژمارەی هیلۆتەکان لە دانیشتوانی ڕەسەنی سپارتا زۆرتر بو بەپێی هەندێک سەرچاوە لە حەوت کەسی سپارتایی شەشیان کۆیلەبون یەکیان ئازاد بو، هەر بۆیە لە ترسی هەوڵدان بۆ یاخیبون سپارتاییەکان بەردەوام مامەڵەی خراپیان لەگەڵ کۆیلەکان دەکرد لەژێر چاودێریدا بون و دەبوایە جلوبەرگ کڵاوێکیان لەسەر بکردایە کە پێیدەگوترا ( dog skin cap) واتە کڵاوی لە پێستەی سەگ دروستکراو بە هەمان شێوە جلوبەرگەکانیشیان هەر لە پێستی سەگ دروستدەکرا، بۆ ئەوەی بەردەوام بزانن کە ئەوان کۆیلەن، بەبێ ئەوەی هیچ ستەمێک بکەن بەردەوام دەستی سزادان و لێدانیان لەسەر بو زۆربەی سزاکانیشیان کۆتاییهێنانی ژیانیان بە مەرگ بو (Wiedemann, 2003, 73 ،Brand, 2020,4).

وێنەی ئەو جۆرە کڵاوەی کۆیلەکان لە سەریان دەکرا



(Dasgupta, 26, Oct, 2021) https://medium.com/teatime-history/helots-the-slaves-who-built-ancient-sparta- 68655e99b456

بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ کۆیلەکان لە وڵاتی یۆنانی کۆن لە دەوڵەتە شارێکەوە بۆ دەوڵەتە شارێکی دیکە جیاواز بو، هەرچەندە لە دەوڵەتە شاری سپارتا هیچ سزایەک نەبو بۆ کەسێک، کە کۆیلەیەکی بکوشتایە، بەڵام لە هەندێک بارودۆخدا لەچاو هەندێک لە دەوڵەتە شارەکانی دیکە مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرا و هەندێک مافیان هەبو، بەتایبەتی لە ڕوی ئابورییەوە، بۆ نمونە لەو زەویانەی ئیشوکاریان پێدەکردن هەندێک کات بەشی خۆیان پی دەدرا، تەنانەت هەندێک بۆ چۆن هەیە، کە دەڵێت نیوەی بەرهەمەکان بە کۆیلەکان دراوە، هەروەها بۆیان هەبو لە چوارچێوەی خێزانەکانیاندا نیشتەجێ ببن، دەیانتوانی هاوسەرگیری بکەن، ئەوەی ئەم ڕاستییەش پشتڕاست دەکاتەوە گەشەسەندنی ژمارەی ئەم چینەیە زۆر بەخێرایی، سەرەڕای هەندێک مافی دیکە وەک پاراستنی دابونەریت و کولتور و زمانی خۆیان، ئەم هیلۆتانە بەپێی دڵسۆزیان و ئازایەتیان دەیانتوانی ئازاد ببن بەتایبەتی بەتەمەنەکانیان ئەوانەی توانای جەستەییان کەم بو (Beckett, 2016,18).

## تەوەری سێیەم: شۆڕشی کۆیلەکان لە دەوڵەتە شاری سپارتا:

خاڵی لاوازی دەوڵەتە شاری سپارتا لە چاو دەوڵەتە شارەکانی دیکە دانیشتوانەکەی بو، بەتایبەتی کۆیلەکان زۆرینەی کۆمەڵگەکەیان پێکدەهێنا، ئەمانە دڵسۆزی هۆگرییان بۆ سپارتا نەبو، لەلایەکی دیکەوە دەسەڵاتدارانی سپارتا بەردەوام ترسیان هەبو لەلایەن دەوڵەتە شارەکانی دیکەوە، بەتایبەتی ئەسیناوە ئەم چینە بەکاربهێنرێن و هانیان بدەن بۆ شۆڕش و یاخیبون (Stronk, 2006, 97).

ئەو شێوازە مامەڵەکردنە لەگەڵ هیلۆتەکان بوە هۆی دەربڕینی نارەزایی و یاخیبونی هیلۆتەکان، هیلۆتەکان لە چەندین ناوچە دژی دەسەڵاتدارەکانی سپارتا یاخیبون دەستیانکرد بە ڕاپەڕین و ڕق و تورەیی هیلپتەکان جۆشی زیاتریدا بە بەردەوامی یاخیبونەکان کە دەمێک بو بۆ دەرفەتێک دەگەڕان تاوەکو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، هەر بۆیە لە ئەنجامدا یاخیبونی یەکەمی هیلۆتەکان لە دەوروبەری ساڵی (٦٨٥ پ.ز.) ڕویدا، کە چەندین ساڵی خایاند کە بەردەوام داوای مافەکانیان دەکرد کە ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی نارەزایەتی کۆیلەکان و یەکەم یاخیبونی کۆیلەکان ناسرا لە مێژوی دەوڵەتە شاری سپارتادا، کە چەندین ساڵ سپارتا شەڕی دژی کۆیلەکانی کرد هەتاکو لە ئەنجامدا توانی دوای چەندین شۆڕش و ماوەیەکی زۆر لە ئاڵۆزی پێکدادان، کۆتای بەم یاخیبونە بهێنێت، بەڵام سەرەتایی بیری گۆڕانکاریی لە هزر و تێڕوانینی کۆیلەکان دروستبو و سورتربون لەسەر هێنانە دی داواکارییەکانیان (Cartledge, 2009, 73، Tridimas, 2023, 9-13).

یاخبونی دوەمی کۆیلەکان لە سپارتا کاتێک دەستیپێکرد، کە (ئەریستۆمینس -Aristomnes) کە پادشایەکی مێسینی بو بەهۆی جەنگی دوەمی مێسینییەوە ناوبانگی دەرکردبو توانی سەرکردایەتی مێسینییەکان بکات دژی دەوڵەتە شاری سپارتا لە (٤٦٥ پ.ز.) بۆ ئەوەی ئەو ئازادییەی کە ئەوان پێیانوابو لە دەستیانداوە بەدەستیبهێننەوە، هەرچەندە سپارتاییەکان توانیان ئەرستۆمینس لە مەیدانی جەنگ بەدیلبگرن، بەڵام ئەریستۆمنیس دوای بەدیلگرتنی توانی ڕابکات بۆ (Eira) کە ماوەی دە ساڵ بو لەژێر دەسەڵاتی سپارتا ڕزگاریان بو، پاش ماوەیەک سوپای سپارتا لە ڕێگەی بەرتیل دان بە ژمارەیەک لە هاوپەیمانەکانیان توانیان دوبەرەکی بخنە نێو یاخیبوەکان، ئەمەش لە ئەنجامدا لاوازی و خۆبەدەستەوەدانی یاخیبوەکانی لێکەوتەوە، بەتایبەتی کە سوپای سپارتاییەکان گەیشتنە ئەو ناوچانەی یاخیبون تێیدا سەریهەڵدا بو گەمارۆیاندا(Beckett, 2016, 20).

لە ساڵی (٤٦٤ پ.ز.) دەرفەتێکی گرنگ بۆ هیلۆتەکان هاتە پێشەوە ئەویش ڕودانی بومەلەرزەیەک بو لەو ساڵەدا کە لە ئەنجامدا زیاتر لە (٢٠) هەزار سپارتایی گیانیان لەدەستدا، بۆیە هیلۆتەکان بڕیاریاندا هێرش

بکەنە سەر قەڵایی شاخی (ئیثۆم –ithom) کە پێشتر هیلۆتەکان لەو قەڵایە لەژێر دەستی سپارتادا بو وەک کۆیلە لەژێر چاودێریدا بون، پاش چەندین هەڵمەتی سەربازی سپارتا نەیتوانی قەڵاکە لەژێر دەستی هیلۆتەکان دەربهێنێت هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی شارە دەوڵەتی سپارتا دوای هاوکاری و بەدەمەوەچونیان لە دەوڵەتە شاری ئەسینا کرد (Hornblower, 2011, 22).

سپارتاییەکان نامەیەکیان بۆ دەوڵەتە شاری ئەسینا نارد و داوای هاوکارییان لێکردن لە ڕوبەڕوبونەوەی یاخیبونی کۆیلەکان، ئەم داواکارییە فەرمانڕەوایانی ئەسینای بەسەر دو بەرەدا دابەشکرد، بەشێکیان دژی ئەوە بون هاوکاری سەربازیی بنێرن بۆ سپارتا تەنانەت دەیانوت " **پێویستە واز لە سپارتا بهێنین و لوتیان لە قوڕ بچەقێت هەتا نەتوانن دژیەتی پرۆژەکانی ئەسینا بکەن"** بەڵام کیمۆنی سەرداری ئەسینا لەگەڵ ئەوە بو هاوکاری دەوڵەتە شاری سپارتا بکرێت، ئەو دەیگوت **"ناکرێت وڵاتی یۆنان بە نەنگی بژی و ئەسینا ناتوانێت سەیری هاوپەیمانەکەی بکات لە ناڕەحەتیدا بژی، لە کاتێکدا ئەوان قوربانیان داوە لە پێناو ئازادی وڵاتی یۆنان"** (حمید، ٢٠٢٢، ٧٢-٧٣).

لە هەمان کاتیشدا سپارتا دەترسا لە زیاتر بەهێزبونی ئەسینا، لەبەرئەوە سپارتا بەنهێنی بەڵێنی بە شاندی ثاسوس دا، کە دوژمنی ئەسینییەکان بون، هێرش بکاتە سەر شارە دەوڵەتی ئەسینا، بەڵام ئەو بومەلەرزەیەی کە لە سپارتایدا و زیانێکی زۆری لە ناوچەکە دا و ئەو زیانانەی لە چینی باڵادەستی سپارتا کەوت، ئەوەش کۆیلەکانی هاندا بۆ ڕاپەڕین، کۆیلەکان بە هاوپەیمانێتی مێسینییەکان توانییان بەشێکی زۆری هەرێمی لاکۆنیا کۆنترۆڵ بکەن و بونە هەڕەشەیەکی جددی بۆ سەر دەوڵەتە شاری سپارتا، بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم مەترسییە سپارتا جارێکی دیکە، پەنایبردە بەر هاوپەیمانەکانی لەنێویشیاندا داوای هاوکاری لە دەوڵەتە شاری ئەسینا کردەوە ، ئەسینا بڕیاریدا بە ناردنی سوپایەک بەسەرۆکایەتی کیمۆن و بەشێک لە هاوپەیمانەکانی دیکەی شارە دەوڵەتی سپارتا هەمان هەنگاویان ناو سوپایان نارد بۆ یارمەتی سپارتا و لە ساڵی (٤٦٣ پێش زاین) گەمارۆی شۆڕشگێڕانیاندا لە چیای(ئیثوم) یارمەتیدانی ئەسینا بۆ سپارتا بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشی کۆیلەکان لە ساڵی (٤٦٣و ٤٦٤ پێش زاین.) بە سەرۆکایەتی کیمۆن دەستیپێکرد (میرزا، ٢٠٢٠، ١٣٧-١٣٨).

ژمارەی سەربازەکانی ئەسینا، کە بۆ هاوکاری سپارتای نارد بە سەرکردایەتی کیمۆن بریتیبو لە (٤٠٠) سەرباز، بەڵام کاتێک سوپای ئەسینا گەیشتە مێسینا، سپارتاییەکان ڕێگەیان پێنەدان لەو ناوچەیە بمێننەوە و دوریان خستنەوە ئەمەش بوە هۆی ناڕەزایەتی دەوڵەتە شاری ئەسینا و ڕاستەوخۆ ڕێوشوێنی توندیان دژی سپارتا گرتە بەر (سارة، 2016، 487). هەر بۆیە سپارتاییەکان بۆ ماوەی (١٠) ساڵ شەڕی

کۆیلەکانیان کرد، هەتاکو لە ئەنجامدا کۆیلەکان بە مەرجی جێهێشتنی سپارتا خۆیان دا بەدەستەوە، کە بۆیان نەبو هەرگیز بگەڕێنەوە (Cook, 2002, 139-140).

ئەمەش لە مێژودا بە سێیەم یاخیبونی کۆیلەکانی دەوڵەتە شاری سپارتا ناسراوە، کە هەتاکو سەدەی چوارەمی پێش زایینی خایاند، کە دەوڵەتە شاری سپارتا بەهۆی شەڕەکانی (پیلپۆنیزەوە- Peloponnesian war_)، لاوز ببو هیلۆتەکان توانیان لاوازی سپارتا بقۆزنەوە و سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبهێننەوە (Beckett, 2016, 22).

پاش ئەوەی بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی ڕوی لە دەوڵەتە شاری سپارتا کردبو، لێبوردنی گشتی بۆ زۆرینەی کۆیلەکانی سپارتا دەرکرا و ئازاد بون و بەشێک لە مافەکانیان بەدەستهێنایەوە (37 ,1980 .(Finley,

## ئەنجام:

**یەکەم**: کۆیلایەتی لە دەوڵەتە شارەکانی یۆنان بە شێوازێکی بەرفراوان هەبو، بەڵام جۆری کۆیلایەتی لە سپارتا جیاواز بو، زۆربەی کۆیلەکانی سپارتا لەو ناوچانە بون، کە سپارتا لە ئەنجامی هەڵمەتی فراوانخوازییەکان بە زۆر کرابون بە کۆیلە، واتە دانیشتوانی ڕەسەنی سپارتا نەبون.

**دوەم**: کۆیلەکانی سپارتا کۆیلەی دەوڵەت بون بە پێچەوانەی شارە دەوڵەتەکانی دیکەوە، کۆیلە مافی خاوەندارێتی بۆ تاک و خێزانیش دەگەڕایەوە، بەڵام لە سپارتا تەنیا سپارتا مافی خاوەندارێتی کۆیلەکانی هەبو، ئاراستەی دەکردن بۆ زۆر مەبەست و کاری جیاواز بەکاریان دەهێنان.

**سێیەم**: چینی کۆیلە لە دەوڵەتە شاری سپارتادا، بەگشتی بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا و کۆتا چینی کۆمەڵگە بون لە زۆر ماف بێبەش بون، بە تایبەتی لە زۆربەی مافە سیاسی و یاساییەوە، بەڵام هەتا ڕادەیەک لە ڕوی ئابورییەوە کەمێک مافیان هەبو.

**چوارەم**: بەهۆی ئەوەی کۆیلەکانی سپارتا دانیشتوانی ڕەسەنی دەوڵەتە شاری سپارتا نەبون، هەر بۆیە دەوڵەتە شارەکانی دیکە هەوڵیان دەدا، چینی کۆیلە کە زۆرینە بون لە دەوڵەتە شارەکە دژی سپارتا هانبدەن و بەکاریانبهێنن، هەربۆیە بەردەوام کۆیلەکان هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستیان دەدا.

**پێنجەم**: شۆڕشی کۆیلەکان لە سپارتا یەکێکە لەو شۆڕشانەی کە چارەنوسی خەباتی کۆیلەکانی گۆڕی وەک یەکەم بزوتنەوەی مەدەنی، کە چینەکانی خوارەوە سەرکردایەتییان دەکرد بە مەبەستی بە دەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانیان و ڕەتکردنەوەی ئەو واقیعەی تێیدا دەژیان.

# The slave class of Sparta City State in the fifth century B.C

**Dilman Mohammed Sabir**

Department of Social science, College of Basic education, University of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

One of the most important social classes of Spartan city-state society was the slaves, known as the Helots. They were the majority of the other classes. As a result of Sparta's colonialist operations, most of its population was enslaved, especially both regions of  Laconian and Messenia, this class belonged to the state in terms of ownership, so they were used for many political and economic purposes and whatever heavy responsibilities were on their shoulders, on the other hand they were harshly supervised, because these were basically free people and forced As slaves, they therefore constantly tried to be free and regain their citizenship, until they carried out several rebellions and revolutions, known in human history as the Spartan Slave Revolution in the 5th century BC.

This research, shed light on the characteristics of the slave class in the city-state of Sparta and the early stages of slavery in and their differences from other Social classes, then the way they were treated by the rulers of the city-state and revolted this class for their elementary rights, against the rulers of the city-state of Sparta.

**Keywords:** Sparta, Helots, Slavery, Helots, Laconia, Messenia.

## لیستی سەرچاوەکان:

ئەلتەرمانینی، عەبدولسەلام ،٢٠١٥، کۆیلایەتی لەنێوان دوێنی و ئەمڕۆدا، و. عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی ڕۆژهەلآت، هەولێر.

باقر، تەها، ٢٠١٨، سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانییەتە دێرینەکان شارستانییەتی دۆڵی نیل و چەند شارستانییەتێکی کۆن فارس- گریک- ڕۆمان، وەرگێرانی عوسمان عەیز عەلاف- کەمال نوری مەعروف، بەرگی دوەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

صالح، غانم محمد،٢٠٠٥، بیری سیاسی کۆن و ناوەڕاست، وەرگێرانی سەلام کەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

میرزا، هاوار کەمال، ٢٠٢٠، مێژوی یۆنان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

Adkins, L. and Adkins, R., 1997. Handbook to life in ancient Greece, Published by Library of Congress, New York.

Bckete, T.H., 2016, Sparta the ultimate Greek warriors every things you need to know about Spartan civilization, independent publish in Platform, London.

Blake, W.O., 1969. The History of Slavery and the Slave Trade, Ancient and Modern, by H. Miller, New York.

Brand, P.J., 2020. Athens and Sparta: Democracy vs. Dictatorship, Academia.

Cartledge, P., 2009. Ancient Greece: A history in eleven cities, Published by Oxford, London.

Cook, R. M., 1980. Paul Cartledge: Sparta and Lakonia, a regional history 1300–362 B.C. Published by Routledge, London.

Dillon, M., and Garland, L., 2005. Ancient Greece: Social and historical documents from archaic times to the death of Socrates, Published by Routledge, London.

Drescher, S., 2009. Abolition: a history of slavery and antislavery, Cambridge University Press.

Gurowski, A., 1860. *Slavery in history*, published by AB Burdick, New York.

Finley, M. I., & Shaw, B. D., 1980. Ancient slavery and modern ideology, Published by Viking Press, New York.

Gates, C., 2011. Ancient cities: The archaeology of urban life in the Ancient near East and Egypt, Greece and Rome, second edition, published by Routledge, New York.

Hornblower, S., 2011. The Greek World 479–323 BC., Published by Rutledge.

Martin, T. R., 2013. Ancient Greece: from prehistoric to Hellenistic times, Published by Yale University Press, New Haven.

McArthur, R., 2011. The nature of the Spartan society in the Archaic (750-480 BCE) and Classical (480-323 BCE) Periods, Published By University of South Africa.

Parker, V., 2013. A History of Greece, 1300 to 30 BC, Published by Wiley Blackwell, London.

Pomeroy, S. B., Burstein, S. M., Donlan, W., Roberts, J. T., Tandy, D. W., & Tsouvala, G., 2020. A brief history of ancient Greece: Politics, society, and culture, Oxford University Press.

Rhodes, P. J., 2007. The Greek city states, Cambridge University Press.

Silva, C. R. V., 2015. The perioikoi: a Social, Economic and Military Study of the Other Lacedaemonians. The University of Liverpool (United Kingdom).

Wiedemann. T., 2003. Greek and Roman slavery, Published by eBook Published. London.

Williams, J. K., 2009. Empire of Ancient Greece, Published by Infobase Publishing, New York.

سارة، مطانيوس خليل، ٢٠١٦، تاريخ الاغريق, الطبعة الأول, دار الإعصار للنشر و التوزيع, دمشق.

فهمى، محمود،١٩١٠، تاريخ اليونان، الطبعة الأولى, مطبعة الواعظ. القاهرة.

مجموعة باحثين، ٢٠١١، نقد الحضارة الغربية، تاريخ الإغريق قبل التاسع ق.م.، الجزء الأول، الطبعة الأولى، المركز الإسلامي للدراسات الإستراتيجية، النجف، العراق.

يحي، لطفيى عبدالوهاب،١٩٩١، اليونان مقديمة في التاريخ الحضاري، الطبعة الأولى، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.

Harrison, T., 2019, "Classical Greek ethnography and the slave trade". Classical Antiquity Journal, Vol.38 (1), 36-57.

Piper, L. J., 1984, "Spartan Helots in the Hellenistic Age, Ancient Society Journal", Vol.15, 75-88.

Ridley, R. T., 1974, the economic activities of the Perioikoi, Journal of Mnemosyne, Vol. 27(3), 281-292.

Shimron, B., 1966, " Nabis of Sparta and the Helots. Classical Philology Journal", Vol.61. (1) 1-7.

Stronk, J. P., PJ Rhodes, 2006.A History of the Classical Greek World, 478-323 BC. Blackwell History of the Ancient World, Oxford: Blackwell, 2005. Scholia: journal of Studies in Classical Antiquity, Vol. 15, 145.

Talbert, R. J., "1989.The role of the helots in the class struggle at Sparta", Journal of Historia Zeitschrift fur Alte Geschichte, 22-40.

Tridimas, G., 2023. "Choice of slavery institutions in Ancient Greece: Athenian chattels and Spartan helots", Journal of Institutional Economics, vol.19 (6), 1-17.

سعد عبود سمار، خلود حبيب كريم، ٢٠١٧، "دويلة المدينة اليونانية (نشأتها وتطورها) إسبارطة أنموذجا". Journal of Education College Wasit University, 1(28), 227-240.

حمید، حسن علی ،٢٠٢٠، ڕۆڵ و پێگەی ئەسینا لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە مێژووی کۆن.

(Dasgupta, 26, Oct, 2021) https://medium.com/teatime-history/helots-the-slaves-who-built-ancient-sparta-68655e99b456